# بەرەی کوردستانی دژی خەڵکی ڕاپەڕیوو بوو ؟

لە پەڕاوی بیرەوەریدا

**Ebas SHIWAN**
a.shiwan@kurdpost.com

**عەسری 1 ی حوزەیران 1991**

خەڵکێکی زۆر لەبەر دەرکی سەرا پوورەیان بەستبوو ، لەناو حەوشەی سەراشدا سەربازە عەرەبە ئێراقییەکان دانیشتبوون بێزاری لەناوچەوانیان دەباری ، هەندێکی تریان لە پەنجەرەکانەوە لەخەڵکەکەیان دەڕوانی .لەبەر دەرگای گەورەی چوونە ژوورەوەدا پیاوانی چەکداری کۆمیتەی بەرەی کوردستانی بۆ پاسەوانی ڕاوەستابوون و پەیتاپەیتا خەڵکیان دووردەخستەوە :




– بڕۆن ، ئەم ناوە جێبهێڵن و بڵاوەی لێبکەن و ئاژاوە مەنێنەوە .

– ناڕۆین...

– بۆ بڕوات ؟ ڕووی کردە خەڵکەکە : درێژە بە شۆڕش بدەن ... ئینجا ڕووی کردە پاسەوانەکە : ماڤی خۆمانە ، دەستدرێژی دەکەنە سەرمان ، دەیانەوێت دەسەڵات بگرنەوە دەست .

– ئەڵێم بڕۆن ... مناڵەوردکە و ئاژاوەچین و بۆ دزی هاتوون ... خواخواتانە بچنە ژوورەوە تا چەکی ئەو سەربازە فەقیرانە بدزن و بفرۆشن ... بە ئەمری بەرە لەم ناوە مەمێنن و خۆپیشاندان قەدەغەیە ... ئەوەی سەرپێچی بکات سزا دەدرێت ... لەپیاوەتی خۆمە ناتانگرم !!

– ئەوەی لێرەیە دز نییە و شۆڕشگێرە ... ماڤی خۆمانە بزانین مفاوەزات دەقەبەدەقە بەکوێ دەگات ...بۆچی ئەو دەبابەیانەیان هێناوەتەوە ناو شار ؟؟ دەبێت ئینسحاب بکات .

– جا قەیچێکات با بیهێنێت وڵات و لەشکری خۆیەتی ، هێناویەتی .

– بەکورتی و کرمانجی لێرە حیزبی بەعسمان ناوێت .

پاسەوان بە توورەییەوە : حیزبی بەعسی ناوێت ؟

قسەکەرەکە ، ڕووی کردە خەڵکەکە : ئەری خەڵکینە حیزبی بەعستان دەوێت ... بۆ وەڵام نادەنەوە دەتانەوێت یان نا ؟

هەموو بەیەك دەنگ : نامانەوێ .. نامانەوێ ..

یەکێ لەناویاندا بەدەنگی بەرز : بیڵێنەوە بیڵێنەوە ...

خەڵکەکە وەڵامیان دایەوە : نامانەوێ .. نامانەوێ ..

© Kurdistan Nêt

پاسەوانەکە هیچی بۆ نەمایەوە : ئەوەی ناوێت ئەمری بەرەیە و بڕاوەتەوە ... ڕووی کردە قسەکەرەکە : تۆ چیت ؟ یەعنی بە قسەی بەرە ناکەی ؟

– من خەڵکم ، ئەمری بەرەیش لەسەر چاوم ...

– ئەی بەرە نوێنەری خەڵك نییە ؟

– مادەم نوێنەری خەڵکە دەبێت گوێ لە داخوازییەکانی خەڵك بگرێت .. مفاوەزات ئاشکرا بکرێت و جەیش نەگەڕێتەوە و..

پاسەوانی بەرە وەك بۆری خواردبێت بابەتەکەی گۆڕی : سەرخۆشن و هاتوون بۆ موشاغەبەنانەوە و چەك دزین .

– ئێمە چەکمان ناوێت ، گەر ڕاست دەکەن ئێرە چۆڵ بکەن باچەك و تەقەمەنی و دەبابەکانیشیان بەرن ، گرنگ چوونە دەرەوەیە لە کوردستان .

– تۆ سەرخۆش نیت ؟ سەری بردەپێشەوە بۆ ئەوەی بۆنی دەمی بکات : عارەق و فالیۆمت نەخواردووە ؟ ڕووی کردە خەڵکەکە : ئەمە لەگەڵ کێدایە ؟

– لەگەڵ مندایە ، لەگەڵ هەموومانداية .

خەڵکەکە بەیەك دەنگ ، هاتنە وەڵام : لەگەڵماندایە .



یەکێك بە لۆمە کردنەوە : عەیبە قسەی وا دەکەیت و لەشەخسیەتی خەڵك دەهێنیتە خوارەوە !!

– دە بڵاوەی لێبکەن ، بڵاوە بکەن ...

– جەنابت بڕۆ .

– هەرچواردەوری **سلەیمانی**یان بە دەبابە گرتووە و نایەڵن درێژە بە شۆڕش بدەین ... خەڵك شۆڕشگێرە کەچی جەنابتان بە دزیان لەقەلەم دەدەن !! ڕووی کردە خەڵکەکە : ئەمانە دیفاع و حیمایە لە **حیزبی بەعس** دەکەن .

یەکێك بۆ تەواو کرد : ئەوەی دیفاع لە **بەعس** بکات چارەنووسی لە مفەوەزی **Shemall*** باشتر نابێت ...

بەرەییەکە سڵەمییەوە ، بۆیە بە نەرمی : بۆ نارۆن ؟ ڕووی کردە قسەکەرەکە :

تۆ چیت دەوێت بۆ واز ناهێنی ؟

– من لەگەڵ ئەو خەڵکەدام ... بێئیشین و ئیشمان بۆ بدۆزنەوە .

ویستی پەلی قسەکەر بگرێت و بیباتە ژوورەوە : دەباشە ، وەرە ئیشت بۆ دەدۆزمەوە .

– ئەجا چۆن بەتەنیا دێم ... هەرکاتێ خەڵك هات منیش لەگەڵیاندا ... بڕۆ بابە بەلای ئیشی خۆتەوە ...

بەرەییەکە ڕووی کردە یەکێ لەخەڵکەکە : بڕۆ بیبە و لیمانی دوور خەرەوە .. بۆ بەقسە و ئەمری بەرە ناکەن ؟

یەکدوویەك پێدەچوو قسەکەر بناسن و بۆ ئەوەی نەبێتە شەر و ناکۆکی شەخسی ویستیان قسەکەر دوور بخەنەوە . بەڵام قیرچیسمە بوو ، هەر وازی نەدەهێنا : کەس لێرە ناڕوات ... خەڵك چۆن یەکەم کەرەت بە شیعاری : **نان** ، **کار** ، **ئازادی** ، **حکومەتی شورایی** هاتە سەر جادە ، ئێستایش هەمان داوای هەیە .

© Kurdistan Net

ئیتر خەڵکەکە بە بۆڵە بۆڵ و خوتەخوت کەمێك لەبەردەرگای سەرەکی  سەرا دوور کەوتنەوە لە ناوەڕاست و ئەمبەر و ئەوبەر کۆمەڵەیان بەست ، لە چاوەڕوانی ڕوودانی یەك تەقە یان هەر شتێك تا بقەومێت و پەلامار بدەن .

---------

* مفەوەز Shemall ، پۆلیسێکی خەڵکی شاری سلەیمانی بوو ، یەك دوو ساڵ بەر لە ڕاپەڕین ببووە سووری بەرلەشکری داگیرکەرە عەرەبەکان و کەوتبووە ڕاوی تێکۆشەرانی سیاسی و خەڵکانی نەیار. سەرئەنجام لە ڕاپەڕینەکەدا بەهەقی تاوانەکانی گەیشت . لە دوای کوشتنی سەری بڕاو و بێلاشەیان لەبەردەرکی سەرا دانا ، تا خەڵکی سەیری بکەن !! ئەوە یەکێك بوو لە دیمەنە قیزنەوەن و ناشیرینەکانی سەردەمی ڕاپەڕین .

**1991.03.10 یەك شەممە**

چوارەم ڕۆژی ئازادی گوزەرا, هەریەکەم ڕۆژ زووربەی بارەگا و ناوەندەکانی پۆلیس و سەربازگەکانی شار کەوتنە دەست خەڵکی. ئەوەی مابوو دائیرەی ئەمنە سوورەکە بوو.

لەبەر بارەگای سەرەکی پارتی بەعس و بەڕێوەبەرایەتی ئەمن . نیوەڕۆکەی خەڵك نەیان دەوێرا بەلایدا بڕۆن و دەیان وت بەرگری تیا ماوە , کەچی لەپشتەوە خەڵك هێرشیان کردبووە سەر کارگەی جگەرە و هەرچی جگەرە و تووتن و سلۆڤین و شتێك سوودی هەبوو بێت ، دەیان برد و بەکێشیان دەکرد .

کەسی وا هەبوو دە پانزە کارتۆن جگەرەی لەسەر عەرەبانەیدەستی بار کردبوو ، کە ڕووبەڕوویان دەبوونەوە :

– ئەوە ماڵی گشتییە ؟!

– شوێنی سەربازی بەعس نییە ؟!

– دابەشی بکەن بەسەر خەڵکیدا ...

هەزار سوێندیان بە گۆڕی شەهیدان دەخوارد کە بە پارە کڕیوییانە ؟ کەسی قۆشمەی وایش هەبوو ، لە ناچاریدا دەستییان بە پێڕابواردنیان دەکرد :

– کام شەهیدان ئەوانی کوردستانی ئێران یان تورکیا و سووریا ؟ !

بەڵام ، دەڵێی چی ماسی بوون و تەر نەدەبوون. لە دوایدا ئەو کەسە نابەرپرسانە شوهرەتی ( هێزی R R کە یەکسان بوو بە ڕاوڕووت )یان بەسەردا دابڕا.

**02.5.6**

© Kurdistan Net